# زەماوەندە ئاڵتونییەکان



سەرهەنگ حەمەساڵح

سەرابی ئەم ئێوارەیە
چەند ژانێکی ئەبەدیە
بەتاریکی زەماوەندە
ئاڵتونیەکانەوە پێدەکەنێ
چ زریانێکی ئاستەنگە
لەسەر رێگای ئەم کاروانەی
کە نەمامی چارەنووسم
هەڵدەکەنـــــــێ ...
ئاخ بۆ ئەو مەیلانەی
کە لەسەر مەرگێکی ئەفسوناویەوە
ئاوس دەبـــــــن ...
بۆ مەزگیرانی ئەم دەروونەی
کە لە قەیرەژنێك دەچن ... !
چەند غـــــــەریبن
ئەم خەمانەی کە لەم شەوە نامۆیەدا
لـــــــە دایك دەبن
کەچی هێشتا کۆشکی سوڵتانەکان
بە ئـــاڵتون رازاوەتەوە
گۆشەی دیوەخانەکانیان
بە مرواری چنراوەتەوە ...
منالانی ئەم دیوی کۆچیش
بۆ ژەمێ نـــــــان
دوور لە سۆزی باوکیان
دەگریــــــــن ..
هەموو ســـــــاتێ
بۆ کاروانی ئەم سەفەرەی
کە چی تر ناگەڕێتەوە
فرمێسکی چاوانیان دەسڕین
ئای لەم خەنەبەندانەی

**که سیمفۆنیای مەرگ دەژەنێ**

**نە ئازادی پرچی خۆر**

**شانە دەکـــــــــا**

**نە ئەستێرەش بە رووی خاکا**

**پێدەکەنـــــــێ ...**

**لە بێدەنـــــــگی**

**خەڵکی ئەم دەڤەرە وێرانە**

**لە ئـــــــاوێزانی**

**ئەم دوو دڵە پڕ ژانە**

**ئاخۆ سبەی چ ئاسمانێك**

**بارانی پڕ نەهامەتی**

**بەسەر شارا دەبارێنێ**

**رەشەبـــای شووم**

**پەڕەی کام گوڵ دەوەرێنێ**

**چی‌یە گوناهی ئەم شاعیرەی**

**کە تـــــــادوێنێ**

**بە دەستی لەرزۆکی**

**پرچی خـــــــاوتی**

**شانـــــــە دەکرد ..**

**ماچی بۆ پەرژینەکانی**

**خـــــــاك دەڕژاند**

**کرنۆشی بۆ جوانیت دەبرد**

**نا ... گوڵەکەم .. نا**

**ئەمجارەیـــــــان**

**یا لە باوەشی یەکتر دەمرین**

**یـــــاخود دیسان**

**پشت لە خۆری ئەوین دەکەین**

**سروودێك بۆ مەرگ دەچڕین ..**

**ئـــــەم خەمانەش**

**هەر دووبارە دەبنەوە**

که ئێوارانێ تا بەیانی
دەست لـــــە ملانێی
گەردنی زیوینت دەبن
قەتارەی حەز دەهۆننەوە ..
شەوان لە زەماوەندو
بۆ ساتێکیش لە باوەشت
دەمـــــــێننەوە ..
کەچی هێشتا ئەوان
خەویان لێ نەزڕیوە
حەیــــــرانی شەو
لە پێڵوی چاوەکانیان
نەبەزیـــــــــوە
لەم دیو پەردەی شەرمەزاریەوە
شەرابی مەرگ دەنۆشن
چاو لە زامی ئازارەکانمان
دەپـــــــۆشن ..
بەڵێ گوڵم ئەم زامانە
بە تارمایی تەمەنی ژینمان
پـــــــەیوەستن
کەچی هێشتا ئەوان
بەدیار سۆزی بەیتەکانی
خەیامەوە مەستن .. !
کێ پەردە خـــــــەم
لەسەر زامی ئەم دەڤەرە
هەڵداتـــــــــەوە ..
کێ ئاوڕێ لە ئـــــــــاپۆری
زەماوەندی مەرگ دەداتەوە ... ! ؟

xamosh_senheng@yahoo.com